## کاریگەری بێ سنوری خیتابەکەی (مام جەلال) لە UN لە سۆزی نەتەوەییمان .. سەلاح شێخ سدیق

ستۆکهۆلم
سەردانی سەرۆک کۆماری عیراقی فیدرال بۆ ئەمەریکاو دیداری لەگەل سەرۆک بۆش و خیتابەکەی (15-9-2005) لەنەتەوەیەکگرتووەکان، کاریگەری زۆرگرنگ و بێ سنورو هەمەلایەنەی هەبوو لەسەر ڕای گشتی و عێراقی و کوردستانی و هەرفەردێکی کورد بەتایبەتی، لەگەل ئەوەی کە کاریگەریەتییەکە هەمەلاینەو ڕێژەییە بەلام زۆرئاسایی و سروشتییە ئەگەر خیتابەکە کاریگەرییەتی ڕەهای لەسەر کەسی کورد هەبێت. هەرفەردێکی کورد کەسەر بەنەتەوەیەکی داگیرودابەشکراوە و سالانێکی ڕۆر زولم وستەم و چەوساندنەسەی چێشتبێت لەعێراقێکدا کەبەعس حوکمی کردبێت و سەددام کەسی یەکەم بوبێت. بەوجۆرەی کە بینیمان و چەشتمان. . سەدامێک کە دیکتاتۆریانەترین فەزای چەوسانەوەی نەتەوەیی خولقاندبێت. . زۆرستەم وقورس بوبێت ووتارخوێندنەوە بەکوردی نەوەک لەکۆروکۆمەلی نێونەتەوەیی دا بەلکو زۆرستەم بو تەنانەت لەبۆ ئەوزۆلە کوردانەش کەئەندامی ئەنجومەنینیشتمانیی کارتۆنی یان بەناو وەزیریش بوون لەکۆرەوکۆمەلە عێراقییەکانێش دا. . . . . . ئەی ئێستا! عێراقی فیدرالی دیموکراتی هەمان عێراق بەجێگاوشوێن و گرنگی ستراتیژی و ژیۆپۆلیتیکی خۆییەوە بەلام خاوەنی سەرۆک کۆمارێکی دیکەو کەسایەتییەکی دیکەو خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی شۆرشگێرو پێشکەوتوخوازو ڕابەری بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی. . باشە ئەگەرەکو کەسایەتییەکی وەها خیتاب بخوێنێتەوە. . بەناوی سەرۆکی عێراق و لە هەمان کات دا چەند ووشەیەکی جوان و پڕماناش بە زمانی شیرینی کوردی بوبێت، کەوابێ ئیدی چلۆن دەکرێ و دەتوانرێ بووترێ وەهاخیتابێک کارکردی زۆروزەوەندو بێ سنووری نابێت لەسەر سۆزی نەتەوایەتیمان. . . هەمان خیتاب وهەمان سەرۆک کارکردی چەندین جار زیاترو زیاتر ئەبێت لەسەر فەردی کورد لەهەندەران، ئاخر ئێمە ئەوها ڕاهاتبوین کەهەموو سالێک و لەدەورەکانی کۆبوونەوەکانی نەتەوەیەگرتووەکان دا بەحوکمی ئەوەی کە لەوولاتی سوئێد دەژین قسەوباسی ئەوهەفتەیەی کە کۆبوونەوەکانی تیاسازئەدرا زیاتر لەسەر هەلوێست و خیتابی سەرۆک وەزیرانی سوئێد (گۆران پێرسۆن) دەبوو، بەلام ئەوسال وەزعەکان زۆرجیاوازو تایبەتتر بوون. . هەرۆژێک پاش وتارەکەی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال مامۆستای وانەی (کۆمەلناسی) ڕاسەوخۆ کەوتە قسەوباس لەسەر کۆبوونەوەکانی UN و یەکەم پرسیاری ئەوەبوولەخوێندکارەکان: ووتی کێ ئەزانێ دیارترین جیاکەرەوەی ئەو کۆنونەوانەی دوێنێی UNچی بو؟. . . ڕاستەخۆش پاش پرسیارەکە ووتی: پێش ئێوەی خوێندکار وەلام بدەنەوە ڕێگەم بدەن باخۆم وەک پارێزەرو داکۆکی کەر لە مافی نەتەوەیەکی زۆرلێکراووبەشخوراو کەنەتەوەی کوردە قسان بکەم، ڕاستەوخۆ ئەمن لە جێگای خۆمەوەو سوودم لەبێ دەنگی هۆلەکە وەرگرتوو ووتم: فەرموو مامۆستا، مامۆستاش ووتی: سوپاس (لەراستی دا ئەوەی زۆرسەرنجی منی وەک کەسێکی سووئیدی ڕاکێشا ووتاری سەرۆک کۆماری عێراق بوو کە ڕێزدار جەلال تالەبانی پێشکەشی کرد، وتی ئاخر من سالانێکە موتابەعەی خەلکی کوردو مەسەلەکەیان و خودی ڕابەرەکەیان ئەکەم. . ئاخر گوێ و چاوی من وەها ڕاهاتبوو کە بەعسییەک یان عەرەبێکی شۆڤێنی ووتاری عێراق بخوێنێتەوە. چی ووتاری عێراق جەلال تالەبانی دەیخوێنێتەوە؟؟ بەراستی ئەوەندە سۆزگرتمی فرمێسک بەچاوەکانمدا هاتە خوارەوە!!!! وتی زیاتر دلم پڕبوو کە گوێم لەچەند ووشەیەک بوو بەزمانی کوردی!!! دواتر

ووتی: هەربۆیە ئەمرۆ من داوا لە خۆێندکارەکوردەکان ناکەم کەقسەو باس لەسەر وتارەکەی سەرۆک وەزیرانی سوئێد بکەن، نا بائەوسال گوێ لە خوێندکارە کوردەکان رادێرین بزانین خۆیان ڕاوقسەوباسیان چییە لەسەر ووتاری رابەرو سەرکردەو سەرۆک کۆمارەکەیان!!. )

- لەولاوە خوێندکارێکی تورک هەلیدایەو ووتی:
- باشە مامۆستا بۆهەرکوردەکان خۆ ئەگەر وابێت سەرۆکی تورکیاش لەوێ بوو؟؟
- خوێندکارێکی عەرەب قسەی بە توورکەکە بری و وتی راست ئەکات مامۆستا خۆ چەندین سەرۆکی عەرەبیش لەوێ بوون و ووتاریشیان هەبوو!!!
- مامۆستاش ووتی ئێوە راست ئەکەن سەرۆکانی تورک و عەرەب نەک هەرئەمسال بەلکوچەندین سالە ئەندامن و وتاریشیان هەیە. .

بەلام ئەوەچۆنە کە ئێوە جیاوازی لە نێوان خودی وتارخوێنەرەوەکەو ووتارەکەی ئەمسالی عێراق و سالانی پێشوودا ناکەن؟؟ تۆبلێیت ئێوە هەتا ئەودادەیەش شۆڤێنی بن!! یان ئەوەتا لەدونیاناگەن؟؟ یان خۆتان ناتانەوێ تێبگەن؟؟؟. . دەنا راستی یان هەوال کوا هەیە لەوەخۆشتر کە پیاوێکی خەباتگێرو تێکۆشەرو مەزنی وەک جەلال تالەبانی کە لەسەردەمی بەعس دا بۆی نەبووبێت لەو عێراقەدا بژی کەسەدام حوکمی ئەکرد!! ئێستا ئیدی سرۆک کۆماری عێراقەو نوێنەرو رابەری نەتەوەیەکی مەزنی وەک کوردە!!! مامۆستا زۆربەحەماسەوە درێژەی بەقسەکانی داو وتی:

- لەراستیا من وکوردەکان وتارێکی دیکەی گرنگ ماوە کە چاوەرێی دەکەین و ئومێدیشمان زۆرە کە ئەرۆژە بێت و ئەو وتارەش ببیستین. . ئەویش ووتاری حوکومەتی کوردستانە لەلایەن سەرۆک کۆماری کوردستانەوە!!!!! بەئومێدی ئەورۆژە!!. . . ئەمەی ووتوو بەدەم رێگای چوونەدەرەوە لە پۆلەکە وتی

1. کاتێکی خۆش بۆ هەموان و بۆ کوردەکان بەتایبەتی هەتا دیدارێکی تر مال ئاوا!. . . . . . .!!!! .

سەلاح شێخ سدیق 18-9-2005
ستۆکهۆلم.